# بۆچی حزبەکانی باشوری کوردستان ، لەسەر کێشەی د.کەمال سەید قادر ، هەڵوێستیان دیار نیە ...؟!

د.فائق محەمەد گوڵپی

لە 26-10-2005 بە دواوە ،بە گوێرەی هەواڵەکان کە لە سایتە کوردیەکانەوە ، وە دووجار لە ڕۆژ تیڤی بڵاو دەبێتەوە ، د.کەمال لە لایەن دەسەڵاتدارێتی ئیدارەی هەولێرەوە ، لە شوێنێکی نادیاردا دەستبەسەرکراوە . ئەم کارەی حزب ی دەسەڵاتدار و حکومەتی هەولێر ، کارێکی نا یاساییە ، بەڵام ئەم جۆرە کردەوانە لە باشوری کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی دا ، هێندە کارێکی زەق و ڕەق نیە و ئەمە یەکەم جاروو دوا جاریان نیە . تا ئێستە چەندان کەسی ناحەز و ڕکەبەری خۆیانیان بە دەردی د.کەمال بردووە . پارتی و یەکێتی ئەگەر لەسەر زۆر بابەتی حزبی و دەسەڵاتی و ...ناکۆك بن لەسەر ئەم جۆرە کردەوانە کۆك و تەبان .
لە هەموو دنیادا ئەو گروپ و لایەنانە دژی یاسا دەوەستنەوە کە دەسەڵاتیان بەدەستەوە نیە و لە دەرەوەی دەسەڵاتن ، بەڵام لە وڵاتی ئێمە دەسەڵاتداران خۆیان یاسای خۆیان دەشکێنن ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندیە دەگمەنەکانی حوکمی کورد ، کە لێرەشدا پارتی و یەکێتی بۆ یەکتری دەسێننەوە ، لە باتی ئەوەی لەسەر ئەم جۆرە کارانە ڕەخنە لە یەکتر بگرن ، کە چی کردەوە نایاسایی و نا شارستانیەکان بۆ یەکتری پینە دەکەن . دوای ئەوەی حکومەتی هەرێمی سلێمانی لە سەر هەڵوێستێکی نەتەوەیی و دیموکراتی فەتاح زاخۆییان لە پلەی وەزیری دەرکرد ، تەلەفزیۆنی زاگرۆس سەر بە( پارتی دیموکراتی کوردستان ) هەواڵێکی لە سەر یابان بڵاوکردەوە ، تیایدا ئاماژەی بەوەدا کە سەرۆك وەزیرانی یابان بڕیارێکی وەك ئەوەی حکومەتی سلێمانی بەسەر وەزیرێکدا جێبەجێکرد لە بەر ئەوەی ئەو وەزیرە سەردانی گڵکۆی شەهیدانی یابانی نەکردبوو . ئەمە بۆ ئەوەیە ئەو فشارانەی لە سەر حزب و حکومەتی ( یەکێتی نیشتمانی کوردستان )ە بڕەوێتەوە .
لە سەر دەسگیرکردن و شاردنەوەی د.کەمال سەید قادر ، چەندان ڕۆشنبیر (د.برهان یاسین ) نامەیان ئارەستەی جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق و سکرتێری یەکێتی کرد ، بەڵام ئەو بەڕێزە بۆ ئەوەی لایەنی بەرامبەر نەڕەنجێ هیچ هەڵوێستی نیشاننەدا .
لە دەرەوەی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار چەندان لایەنی سیاسی تر لە باشوری کوردستاندا ، بە حزبەکەی کاك فەتاح زاخۆییشەوە خەبات دەکەن ، بەڵام هیچیان لە سەر شاردنەوەی د.کەمال هەڵوێستیان دیار نیە . ئەم بێ هەڵوێستیەی حزبەکانی باشور لە کاتێکدایە کە ڕۆشنبیرانی کوردستان ، بە تایبەت ئەوانەیان کە لە هەندەرانن ، بێسەروشوێنکردنی د.کەمال بە کارەسات بۆ ئایندەی کورد دەبینن ، داوای هەڵویست و ئیدانەکردنی ئەو کردەوەیە لە هەموو لایەك دەکەن ، داوای ئاشکراکردنی جێگەی د.کەمال دەکەن لە لایەن دەسەڵاتدارێتی هەولێرەوە ، داوای ڕونکردنەوە دەکەن کە هۆکاری شاردنەوەکەی چیە و دەڵێن دەبێ بە گوێرەی یاسا هەڵسوکەوتی لە گەڵبکرێت . ئەگەری ئەوە هەیە ڕێپێوان و شکات کردن لە دژی حکومەتی هەرێمی هەولێر لە لایەن کوردەوە ، لە دامو دەزگا یاسایی مرۆییەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا بێتەئاراوە ، کە ئەمە بۆخۆی زۆر جێگەی نیگەرانیە و بڕوا و متمانەی دۆستەکانمان بە کێشەی ڕەوای گەلەکەمان لەق دەکات و لەکەیەکی تر لەسەر نێوچەوانی ئەزمونەکەمان دەنوسرێت و دڵی دوژمنانمان خۆش دەکەین .
ئەم ڕۆژەڤەی د.کەمال و ئیدارەی هەولێر بەو ئاڕاستەیەدا دەڕوات ، کەچی حزبەکانی باشور بە پارتی دیموکراتیشەوە مێشێك میوانیان نابێت و بە کێشە سەیری ناکەن ، هۆکاری ئەم بەرەوپیرەوەنەچونەی حزبەکانی باشور بۆ ئەم کێشەیە لەم تێگەیشتنە هەڵە سیاسیانەی خوارەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەسەر هزری سەرکردە و کادر و ئەندام و جەماوەری حزبەکاندا زاڵە و پەیڕەو دەکرێت :

1. ترسی حزبە بچوکەکان لە حزبی دەسەڵاتدار( پارتی دیموکرت ) ، ترس لەوەی لە ڕوی سیاسیەوە پەراوێز بخرێن ، ترس لەوەی کە حزبی دەسەڵاتدار مانگانە و نەسریەکانیان ببڕێت . تێگەیشتنێکی هەڵە لە باشور بووە بە کلتور ، گوایە ئەو داهاتەی کوردستان کە پارتی و یەکێتی دەستیان بەسەرداگرتووە ، هی میللەت نیە موڵکی حزبی دەسەڵاتدارە و و بە خەیر بە حزبەکانی تری ئەدات .ئەبێ جەماوەر و حزبەکان ملکەچ و دەستەئەژنۆبن تا دەسەڵات ئەو خەیرەیان پێبکات .
2. هەندێ لە حزبەکانی باشور لەبەر ئەوەی ڕەخنە لە یەکدی ناگرن ، تا لایەنی بەرامبە وریا نەبێتەوە و بە خۆیدا نەچێتەوە و لە سەر هەڵەکانی بەردەوام بێت و لە ئاستی جەماوەری و دیپلۆماسیدا لە سەری بکەوێت ، بۆ ئەوەی حزبی چاودێر لەسەر کەموکۆڕیەکانی ئەو گەشەبکات و بژیەت . ئەم کەمووکوڕیە جدیەش سەرچاوەکەی ئەو تێگەیشتنەیە هەڵیەیە کە بەرژەوەندی حزب

له سەرووی بەرژەوەندی نەتەوە و نیشتمانەوەیە ، بێجگە لەوەی کە نیشانەی کزی و لاوازی ڕەوشتی سیاسیە لە سنوری باشوری کوردستاندا .

3. حزبەکانی باشوری کوردستان توانای خوێندنەوە و تێکەڵبونیان به کێشەکانی جەماوەر نیە ، ئەم جۆرە ڕوداوانە بە بابەتی بچوك دەبینن و کاتی بە نرخی خۆیانی بۆ تەرخان ناکەن !! ، زۆربەی بەرپرسی حزبەکان ڕۆشنبیران بە کەسانی زماندرێژ و خەیاڵی (من ڕێزم هەیە) لە قەڵەم ئەدەن ، بڕوایان وایە ڕۆشنبیران توانای داهێنان و کرداریان نیە ، بۆیە لە بەرنامە و کارەکانیاندا دەیانەوێت ڕۆشنبیر یان پابەندی دەسەڵات بێت ، یان پەراوێز بخرێت . تێکەڵنەبونی حزبەکان بە کێشەکانی ڕێبوار سیوەیلی ،فەرهاد پیربال ،فەتاح زاخۆیی ، د.کەمال سەید قادلر ،لەم تێگەیشتنە هەڵەیەوە سەرچاوە دەگرێت .

4.ئەوەی ئەمڕۆ لە بەرنامەی ڕۆشنبیرانی کوردایە ، خۆی لە گۆڕانکاری و وەرچەرخانی دیموکراسیانەدا دەبینێتەوە ، کە پێویستی بە گۆڕینی هزری تاك و کۆمەڵگایە ، ئەمەش لە بەرژەوەندی حزبی دەسەڵاتدار و حزبەکانی سێبەری دەسەڵاتدا نیە . پەیڕەوکردنی یاسا و مافی مرۆڤ و پێوانەکانی دیموکراسیەت وەك خۆی ، نەك وەك ئەوەی دەسەڵاتدارانی باشور دەیانەوێت ، حزبە بچوکەکانیش پێی ڕازی نابن و مەترسی لە کیسدانی پلەو پایەکانیان دێتەئاراوە. بۆیە هەڵویستیکی ڕونی حزبەکانی تری باشور لەسەر ئەم کێشەیەی د.کەمال دیار نیە .